# بە نەریتی جیاواز پێشوازیی لەسەری ساڵی زایینی دەکرێت

**لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا وەک نەریتێکی ساڵانە بە شێوەی جۆراوجۆر پێشوازی لە سەری ساڵی زایینی دەکرێت، لەهەرێمی کوردستانیش چەند ساڵێکە جگە لە هاووڵاتیانی مەسیحی، پێکهاتە ئایینییەکانی دیکەش بەگشت چین وتوێژە جیاوازەکانەوە بە شێوازی جۆراوجۆر بەشداری لەم یادەدا دەکەن، زۆر کەس بەشێوەی ئاهەنگی خێزانی لەماڵی خۆیان ئەم یادە دەکەنەوە، هەندێک ڕوو لە لە یانەو شوێنە گشتیەکان دەکەن و ژمارەیەک لە خێزانەکان و بەتایبەتی گەنجان روو لە وڵاتانی دەرەوە دەکەن، کۆمەڵناسێک رایوایە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لەسەر ئەم یادکرنەوەیە هەیە، ئابووریناسێکش باشتربوونی باری ئابووری هاووڵاتیان بە هۆکاری سەرەکی دەزانێت.**



لەوانەیە نەوەکانی سەدەی رابردوو تاوەکو سەرەتای هەزارەی سێهەمیش ئاهەنگگێران و پێشوازی لە سەری ساڵی زایینی بەلایانەوە دیاردەیەکی نامۆ بووبێت، تەنانەت زۆر کەسیش تا هەنوکە بەگوناهی دەزانن بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە یەکتری بکەن، بەڵام بەگشتی لە ئێستادا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە هاتۆتەئاراوە، جگە لە گەڕەك و شارۆچکە مەسیحی نشینەکان، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ئاهەنگگێران و پێشوازی لە سەری ساڵی زایینی بۆتە مۆدیل و زۆربەی هاووڵاتیان بایەخێکی تایبەتی پێدەدەن.

ئەژی عەلی یەکێکە لەو گەنجانەی وەك خۆی باسیکرد ماوەی زیاتر لە هەفتەیەکە خۆی بۆ جەژنی سەری ساڵ ئامادەکردووە، ئەو بە خۆشحاڵییەوە دەڵێت «بێگومان جەژنی سەری ساڵ زۆر خۆشە بەلامەوە، چونکە ساڵ نوێ دەبێتەوە، واتە تێپەڕبوونی هەر ساڵێك نیشانەی ئەوەیە ئەزموونمان بۆ ژیان یاتر بووە و دەبێت زیاتریش خۆمان

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**کوردستان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کراوەتەوەو دەرمارگیری زەمەنی بەسەرچووە**

**پێشوازیکردن لەسەری ساڵی نوێی زایینی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری دیاردەیەکی نوێیەو پێشتر خەڵک بایەخیان پێنەداوە**

ئامـــادە بکەین بۆ ئەوەی بەســـەر کێشـــەکانی ژیاندا زاڵ بین، بۆیە هەمووان مافـــی خۆمانە لەم ڕۆژەدا ئاهەنگ بگێڕین».

ئەژی ڕایوایە «لە ئێســـتادا خەڵك زیاتر ڕۆشـــنبیر بوون و زۆر گرنگـــی بە گۆڕانکارییـــەکان و نوێبوونـــەوە دەدەن، گوتیشـــی «جاران کەس یادی سەری ساڵی نەدەکردەوە، بە گوناهیان دەزانی ودەیانگوت جەژنی موسڵمانان نییە، بەڵام لە ئێستا بیرکردنەوەی خەڵك گۆڕاوە و هەموو دەرفەتێك بۆ خۆنوێکردنەوە بە لایانەوە گرینگە».

کرمانج مســـتەفا تەمەنی ٢٦ ســـاڵەو یەکێکە لەو هەزاران گەنجەی کە بۆ پێشـــوازی لە سەری ســـاڵی نوێ خۆی ئامادە کردووە، ئەو جەژنی سەری ساڵ بە ڕۆژێکی گرنگ دەزانێت و دەڵێت «ئەرکە لەسەر هەمووان کە ڕێزی ئەو ڕۆژە بگرن، چونکە جگە لە دڵخۆشکردنی خەڵك، هیچ زیانێکی بـــۆ کۆمەڵگە نییە، کرمانج باســـی ئـــەوە دەکات کە وەك گەنجێك شەوی سەری ساڵ تا درەنگانی شەو لەگەڵ چەند هاوڕێی خۆی لە دەرەوەی ماڵ دەبن، گوتیشـــی «لەگەڵ تەقاندنی تۆپی سەری ساڵ ئاسمان ڕووناك دەبێتەوە بە یاری ئاگرین کە سەیرکردنی چێژێکی تایبەت بە خۆی هەیە».

بەشـــێك لەگەنجانیش بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان لەشەوی ســـەری ســـاڵدا ڕوو لە وڵاتانی دەرەوە دەکەن، بەتایبەتی تورکیـــا و لوبنان و ئیمارات، بە گوتـــەی خاوەنی یەکێك لە هێڵە ئاسمانییەکان ئێســـتا گەشتی گەنجان بە بۆنەی سەری ساڵی زایینییەوە بەرەو تورکیا زۆر زیادی کردووە.

ئومێد سەلام خاوەنی هێڵی ئاسمانی فۆرنیس دەڵێت «پێشتر خەڵك و بەتایبەتی گەنجان لە سەری ساڵ دەچوونە سووریا، بەڵام بەهۆی پشێوی لەو وڵاتە، ئێستا زۆربەی هاووڵاتیان بۆ کات بەسەربردن ڕوو لە وڵاتی تورکیا دەکەن».

بەشـــێك لە گەنجانیش گلەیی لە حکومەتی هەرێم دەکەن، بەوەی کە پشـــووی سەری ســـاڵ زۆر کەمە و بەشی ئەوە ناکات گەشـــتێك بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجـــام بدەن، ئەوەتا کامەران ڕەشیدی تەمەن٢٩ ســـاڵان دەڵێت «پێویست بوو بە بۆنەی هاتنی ســـەری ساڵ لانیکەم هەفتەیەك پشووی فەرمی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین گەشـــتێکی چەند ڕۆژە بـــۆ دەرەوەی وڵات بکەیـــن و لە ماندوویەتی ســـاڵێکمان بحەسێینەوە».

هێمن عوســـمان مامۆســـتای قۆناغی بنەڕەتییەو جەخت لـــەوە دەکاتەوە کە تا چەند ســـاڵی ڕابـــردوو لە هەرێمی کوردســـتان هاووڵاتیان جگە لە نەورۆز یادی سەری ساڵی زایینییان بەو گەرموگوڕییە نەدەکردەوە، گوتیشی «پێشتر بەشێکی زۆر لەمامۆســـتایانی ئایینی ئەهەنگی سەری ساڵی زایینییان حەرام کردبوو، هەروەها هەتا ساڵی ٢٠٠٥ خەڵك تەنیا لەسەری ســـاڵ بەدیار کەناڵەکانەوە دادەنیشتن و جگە لەوەی سەیری ئاهەنگەکانی وڵاتانی دیکە بکەن، بایەخێکی ئەوتۆیان بە ســـەری ساڵی زایینی نەدەدا، بەڵام ئەمڕۆ دنیا گۆڕاوە، خەڵکـــی دەچن ئاهەنگ دەگێڕن و سەردانی دەرەوەی وڵات دەکەن».

بە بڕوای هێمن «ئێســـتا بە تەواوتـــی گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتـــی ڕوویـــداوە و خەڵـــك زیاتـــر حەزیان لە خۆشـــگوزەرانییە»، گوتیشـــی «من بەبیرم دێت ساڵانی رابردوو تەنیا چێژمان لەوە وەردەگرت کە سەری ساڵ پشوو بوو، نەدەچووین بۆ قوتابخانە، بەڵام ئێستا وەك جاران نییە و خەڵك ئامادەکاری بۆ پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکەن» .

ئالان عەلی توێژەری کۆمەڵایەتییە و ڕایوایە «دابونەریتی کۆمەڵایەتـــی و بیرکردنەوەی خەڵك ســـەبارەت بە جەژنی سەری ساڵی زایینی گۆڕاوە»، یەکێك لە هۆکارەکانیشی بۆ ئـــەوە دەگێڕێتەوە کە «لە دوای باشـــتر بوونی باری ئەمنی و ئابووری لە هەرێمی کوردســـتان سەردانی خەڵك بـــۆ دەرەوەی وڵات و بەپێچەوانـــەوە هاتنی گەشـــتیاران بۆ کوردســـتان و بوونی ژمارەیەکـــی زۆری هاووڵاتی لە دەرەوەی وڵات وایکردووە، کەلتووری کۆمەڵگە جیاوازەکان تا ڕادەیەك تیکـــەڵ بە کەلتـــووری کۆمەڵگەی کوردی ببێت». گوتیشـــی «بێگومان یادکردنەوەی سەری ساڵی زایینـــی دەچێتە قاڵبی ئـــەوەی کە ئێســـتا گۆڕانێکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی ڕوویداوە»، نموونەشـــی بەوە هێناوە کە «تا پێش ڕزگاری باشـــووری کوردســـتان لە دەســـت ڕژێمی بەعسی فەوتاو هاووڵاتییانی کورد تەنیا بایەخیان بە نەورۆز و ســـەری ســـاڵی کوردی دەدا، گوتیشی «لە ساڵانی هەشتاکان تا سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠یش لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵی زایینی شـــتێکی نامۆ بوو، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە بۆتە شتێکی زۆر ئاسایی و هەموو خەڵك لەم ڕۆژەدا بەشداری ئاهەنگەکان دەکەن و حکومەتیش گرنگییەکی زۆری پێدەدات».

بەبڕوای ئەو توێژەرە «پێشـــوازیکردن لەســـەری ساڵی نوێی زایینی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری دیاردەیەکی نوێیەو پێشتر خەڵك بایەخیان پێنەداوە، تەنانـــەت بەشـــێکی زۆر لە مامۆســـتایانی ئایینـــی بەشـــداریکردن لـــە ئاهەنگی سەری ساڵی زایینییان حەرام کردبوو، ئـــەوەش کاریگەری ڕاســـتەوخۆی لەســـەر خەڵك هەبوو»، گوتیشی «ئەمڕۆ جێگەی دڵخۆشـــییە کە هەرێمی کوردســـتان بۆتە هەرێمی پێکەوەژیانی ئایینەکان و موسڵمانان لە جەژنی مەسیحییەکان بەشداری دەکـــەن و مەســـیحییەکانیش لـــە نەورۆز و جەژنـــە ئایینییەکانی موســـڵمانان بەشداری دەکەن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کوردســـتان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کراوەتەوەو دەرمارگیـــری زەمەنـــی بەسەرچووە» .



# کۆمەڵگە بە بێبەشکردنی ئافرەتان لە چالاکیی سیاسی وکۆمەڵایەتیدا سڕدەکرێ

**گەرچی بیرمەنـــدان بـــەردەوام جەختیان لەوە کردووەتـــەوە کـــە بێبەشـــکردنی ئافرەتان لە چالاکیی سیاســـی و کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگەیەکی ســـڕو دواکەوتوو بەرهەم دەهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش جیـــاوازی ڕەگەز لە بـــواری کار و نرخی کار و بەشداری سیاســـی و... هتد بەدی دەکرێ، واتە بە تـــەواوی و لە هەمـــوو بوارەکانـــدا لەگەڵ پیاوان مافی یەکسانیان نییە، لە وڵاتە نەریتی و دواکەوتووەکانیشـــدا دۆخـــی ئافرەتـــان و چەندایەتی دەستەبەری مافەکانیان لە ئاستێکی زۆر نزمدایـــە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە زۆرجار ئافرەتـــان بە نیوەی کۆمەڵگە پێناســـە دەکرێن و هاوکات ڕێگری و کۆســـپەکانی بەردەمیشیان نادیدە دەگـــرن. بێگومان ئەوەش بە کوشـــتنی تواناکانی نیوەی کۆمەڵگە هەژمار دەکرێ.**

ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامـــە کە ئافرەتـــان بوونەتە داینەمۆ و بـــە هێز وبەهرەو تواناکانیان ســـوودی زۆریان بە کۆمەڵگە بەخشـــیوە، بەڵام نکۆڵـــی لەوە ناکرێ کـــە لە کۆمەڵگەکانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە دەگمەن ئاوڕێك لە تواناو هێزەکانی ئافرەتان لە هەموو بوارەکاندا دراوەتەوە.

## نیوەی تواناکانی کۆمەڵگە سڕکراوە

توێژەری کۆمەڵایەتی لانە تۆفیق، بێبەشکردنی ئافرەتان لە بەشداریکردنیان لە پرۆسە جۆربەجۆرەکانی ژیان و بەتایبەتی لە بواری بڕیاری سیاسیدا بە «گەورەترین گرفت» هەژمار دەکات و دەڵێـــت «گەرچی هەرێمی کوردســـتان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوســـێ چەنـــد قۆناغێکی ئەرێنی بڕیوە، بەڵام هێشـــتا بەهۆی بیری خێڵەکـــی و نەریتی و ڕێگری لە بەشداری سیاسیی ئافرەتان بەشێکی زۆری جومگەکانی ژیان ســـڕبووە». ئەو توێژەرە گوتیشی «ئەگەر ئێمە کەمێك وردبینەوە لە کۆتایی هاوکێشـــەکاندا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کـــە لە زۆربـــەی کۆمەڵگەکانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕســـت بـــە کۆمەڵگـــەی کوردەواریشەوە ئافرەت لە زۆربەی مافەکانـــی بێبەشـــکراوە، واتە کۆمەڵگـــەی ئێمـــە زیاتر لەجەستەی مرۆڤێك دەچێت کە تووشی جەڵتەی دەماغ بووبێت و نیوەی جەســـتەی لەکار کەوتبێت، بۆیە ئەگەر هەنگاوێکیش بنێت، زۆر سست و بێ ئەنجام دەبێت» .

لانە جەخت لـــەوە دەکاتەوە کـــە «لەهەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی برەو بەتواناکانی ئافرەتی کورد نەدراوە، گەورەترین گرفتی هزری دروستبووە»، گوتیشی «ئەگەر تەماشا بکەین، دەبینین کۆمەڵگەی ئێمـــە لە ڕووی کارکردنەوە زۆر لـــە کۆمەڵگەی وڵاتانی کەنداو دەچێت، بۆ نموونە ســـەدان ئافرەتی بەتوانامان هەیە، ئەگەر حکومەت گرنگییان پێبدات، تەنانەت توانای ئەوەیان هەیە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا یارمەتی پیاوانی سیاســـی بدەن، بەڵام بەداخەوە پشـــتگوێ



خـــراون، هەروەهـــا ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان باشترین بازاڕی کارکردنی هەیە، بەڵام بەداخەوە هیچ ســـوود لەتوانای ئافرەتی کورد وەرنەگیراوە، ئەوەتـــا ئافرەتی کورد و خـــاوەن بڕوانامە بێـــکار لەماڵەوە دانیشـــتووە، کەچی ئافرەتی عەرەب لە بەغـــداوە دێن و لە فەرمانگـــە و کۆمپانیاکانی ئێمە کاردەکـــەن، زۆر ئافرەتی کوردمان هەیە دەرچووی کۆلێژە نایابەکانی وەك ئەندازیاری و زانست و کارگێڕین کەچی سوود لەتواناکانیان وەرنەگیراوە، بۆیە جێگەی پرســـیارە کە حکومـــەت گرنگی بە تواناکی ئافرەتانی کورد نادات».

### هەر وڵاتێك سوود لە توانا شاراوەکانی ئافرەت وەرنەگرێ ئاوەدان نابێتەوە

شێروان حەمەد ئەمین مامۆستای زانکۆیەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «گەورەترین گرفتی کچانی کۆمەڵگەی ئێمە لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە تواناکانیان سڕکراون ئەمەش بۆتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگە، چونکە بەشێکی زۆری هێز و تواناکانی کۆمەڵگە هی ئافرەتانە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتانەیە کە دوای جەنگ ئافرەت ئاوەدانی کردنەوە»، نموونەشی بە وڵاتانی ئەڵمانیا و کۆریا هێنایەوە، کە ئافرەتانی ئەو وڵاتانە توانییان لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهان لەساڵی (١٩٤٥) وڵاتەکانیان ئاوەدان بکەنەوە.

ئەو مامۆستای زانکۆیە، لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە لە هەرێمی کوردستان گەرچی وەزیر و ڕاوێژکار و بەڕێوبەری گشتی ئافرەتمان هەیە، بەڵام ژمارەیان زۆر کەمە و ڕەخنەشی لەوە گرت کە ئافرەت لەپلە ئیدارییەکانی خوارەوەدا زۆر بە کەمی دەبیندرێن، واتە «لەنێو پۆستە خۆجێیەکاندا ئافرەتان فەرامۆشکراون بەتایبەتی لەسەر ئاستی بەڕێوبەری بەش و فەرمانگەکان، بەڵام بە پێچەوانەی کوردستانەوە کۆمەڵگەی لوبنانی لەسەر بنەمای هاوبەشی هەردوو ڕەگەز دروستبووە، هەر ئەمەش وایکرد ئافرەتان بتوانن دوای ٢٥ ساڵ شەڕی ناوخۆ سەرلەنوێ وڵاتەکەیان بنیاد بنێنەوە، بەڵام لە وڵاتێکی وەك ئەفغانستان، چونکە سوودیان لەتوانا شاراوەکانی ئافرەت وەرنەگرتووە، وڵاتەکەیان تا ئێستا وێرانە».

### قەرزی بچووك لە پۆستی باڵا بۆ ئافرەتان گرنگترە

پسپۆڕی کارگێڕی فەرمان عەلی شەوقی، ئەویش هەمان ڕای هەیە و باسی ئەوە دەکات کە بێبەشکردنی ئافرەتان لە دەربڕینی ئارەزووەکانیان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تواناکانی کۆمەڵگە، بە بڕوای ئەو پسپۆڕە چارەسەری کێشەکە بەوە دەبێت کە بە حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە کار بۆ ئەوە بکەن کە لەخوارەوە بۆ سەرەوە گرنگە بە پێگەی ئافرەت بدەن، نەك وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان دەیبینین گرنگی پێدان لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، واتا لە وڵاتی ئێمە تەنیا لە قۆناغی هەرزەکاری گرنگی بە ئافرەت دەدرێت، ئەویش زیاتر بۆ چاودێریکردن و بەستنەوەیانە بە نەریتەکانەوە، پێویستە لەسەرەتای تەمەنەوە گرنگی بە ئافرەت بدرێت، بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی بناسێت».

فەرمان عەلی ڕەخنە لەوە دەگرێت کە «ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەمیشە باسی ئەوە دەکەن کە پێویستە ئافرەت پۆستی باڵای پێبدرێت، ئەوەش زۆر ناچێتە قاڵبی چارەسەرکردن، چونکە ئەگەر ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان مەبەستیانە کێشەکانی ئافرەت چارەسەربێت، پێویستە کار بۆ ئەوە بکەن کچانی ئێمە لە تەمەنی منداڵییەوە گرنگییان پێبدرێت و بە شێوەیەکی زانستی و دروست پەروەردە بکرێن و داوای ئەوەش بکەن کە لە بەرنامەکانی حکومەت سیستەمی پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەتان لەخۆبگرێت، واتا پێویستە لە حکومەتی داهاتوودا بیمەی بێکاری بۆ ئافرەتان هەبێت، مووچە بۆ کچانی قوتابی هەبێت، دەرماڵە بۆ ئەو ئافرەتانە هەبێت کەکارەکانیان قورسە، ئافرەتانی گوندەکان خوێندەوار بکرێن، خوێندنی خێرا هەبێت بۆ ئەو کچانەی وازیان لەخوێندن هێناوە، مووچە بۆ گەورە کچان دابین بکرێت، قەرزی تایبەتی بە ئافرەتان هەبێت، بەڵام ئافرەتانی خاوەن پلە و پەرلەمانتار و سیاسەتمەداریش هەوڵیان نەداوە هەموو مافەکانی ئافرەت دەستەبەر بکەن» گوتیشی «ئافرەتە سەرکردەکانی ئێمە تەنیا باسی ئەوە دەکەن کە پۆستی باڵا بدرێت بە ئافرەتان، ئەمە هەموو قسەی ئەو ئافرەتانەیە کەخۆیان کردۆتە نوێنەری ئافرەتان، بە بڕوای من دەستنیشانکردنی قەرزی بچووك لە پۆستی باڵا بۆ ئافرەتان زۆر گرنگترە، چونکە قەرزی بچووك دەبێتە هۆی پێشکەوتنی باری ئابووری و تواناکانی زۆربەی ئافرەتان، بەڵام پۆستی باڵا تەنیا چەند ئافرەتێك لێی سوودمەند دەبن».

### ئافرەت لە ئایینی ئیسلامدا هەمیشە جێگەی بایەخ بووە

مامۆستا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی، سەبارەت بە پێگەی ئافرەت لە ئایینی ئیسلامدا، سەرەتا باسی ئەوەی کرد کە «ئایینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیەکی زۆری بەئافرەتان داوە و پێگەیەکی زۆر بەرزی پێبەخشیون»، گوتیشی «ئافرەت لە ئایینی ئیسلامدا هەمیشە جێگەی بایەخ بووە، تەنانەت خودای گەورە سوورەتێکی قورئانی پیرۆزی بەناوی ئافرەتانەوە ناو ناوە، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لێبێت)ڕێزێکی زۆر گەورەی بۆ ئافرەتان هەبووەو لەفەرموودەکانیدا ئەمە ڕەنگی داوەتەوە، (ما أكرمهن إلا كريم وما أهانهن إلا لئيم) واتا لەم فەرموودەیەدا دەفەرموێت ئەوەی کە ڕێز لەئافرەت دەگرێت کەسێکی بەڕێزە و ئەوەشی کە ڕێز لە ئافرەت نەگرێت، ئەوا کەسێکی بێڕێزە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەتان هەمیشە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا جێگەی ڕێزبوون».

مەلا عەبدوڵا ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئافرەتان لەسەردەمی ئیسلامدا هەموو کارێکیان ئەنجامداوە تەنانەت لە جەنگەکانیشدا بەشداربوون و ڕۆڵێکی زۆر گەورەیەیان هەبووە، ئەم پێگەو ڕۆڵە هەتا سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین هەربەردەوام بووە، هەر لەو بارەیەوە گوتی «خودای گەورە هەردوو ڕەگەزی وەك یەکتری بانگ کردووەو جیاوازی لەنێوانیان نەکردووە، ئافرەتانیش ڕێگەیان پێدراوە کە بڕیاربدەن و تەنانەت پێغەمبەری ئیسلام دروودی خودای لێبێت، بۆ سوڵحی حودەیبییە ڕاوێژی بە سەحابە ئافرەتەکانیش کردووە، یەکێك لەو ئافرەتانەش ناوی (ئوم سەلەمە) بووە کە ڕاوێژی پێکراوەو زۆر زیرەکانە لە بڕیارەکان بەشداربووە». گوتیشی «یەکێك لەو ئافرەتانەی کە لەسەردەمی پێغەمبەر دروودی خوای لیبێت زۆر ڕاوێژی پێکراوە، ئایشەی دایکی بڕواداران بووە، کە زۆرجار بڕیاری داوەو پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)، ڕێزی لەبڕیارەکەی گرتووە».

ئەو مامۆستا ئایینییە جەختی لەوەش کردەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەری موسڵمانان ئافرەت هەبووە کەلوپەلی لە بازاڕ فرۆشتووە، گوتیشی « لەسەردەمی ئیمام عومەری کوڕی خەتاب ئافرەتێك بەناوی (شیفای کچی عەبدوڵا) سەرپەرشتی بازاڕی کردووە، واتە لە سەردەمی هاتنی ئیسلام هیچ کاتێك ئافرەت دەمکوت نەکراوەو هەمیشە خاوەنی بڕیار بووە، بەڵام بە دوورکەوتنەوەی خەڵك لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و تێکەڵبوونی کەلتوورەکان و دروستبوونی نەریتی خراپ ئافرەت پەراوێز خراوە، چونکە خەڵکی ئێستا باش لە ئایین تێنەگەیشتوون».

**پسپۆڕێکی کارگێڕی:**

**دەستنیشانکردنی قەرزی بچووك لە پۆستی باڵا بۆ ئافرەتان زۆر گرنگترە، چونکە قەرزی بچووك دەبێتە هۆی پێشکەوتنی باری ئابووری و تواناکانی زۆربەی ئافرەتان، بەڵام پۆستی باڵا تەنیا چەند ئافرەتێک لێی سوودمەند دەبن**

**مامۆستایەکی ئایینی:**

**لە سەردەمی هاتنی ئیسلام هیچ کاتێک ئافرەت دەمکوت نەکراوەو هەمیشە خاوەنی بڕیار بووە، بەڵام بە دوورکەوتنەوەی خەڵک لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و تێکەڵبوونی کەلتوورەکان و دروستبوونی نەریتی خراپ ئافرەت پەراوێز خراوە**

# ئافرەت نەک هەر دایکی منداڵ

**زۆرجار باسی ئەوە کراوە کە لە پشت هەر پیاوێکەوە قەڵایەک هەیە بە ناوی ئافرەت، زۆریشن ئەو کەسایەتییانەی کە بە بایەخەوە باسی پێگەی ئافرەتیان کردووە، ناپلیۆن بۆناپارت کە بووە ئیمپراتۆری فەرەنسا وتی: «ئافرەت بە دەستێکی لانکە و بەدەستێکی هەموو جیهان رادەژەنێ»، یان نووسەری رووسی سۆخۆملینسکی پسپۆڕ لە بواری پەروەردە دەڵێت: «ئافرەت لە پەروەردەکردنی**

**لەئێستادا کوردستان لە بواری پەیوەندیی خێزانی و ڕوانینی بۆ ڕۆڵی ئافرەتان لەکۆمەڵگەدا چووەتە قۆناغێکی دیکەوەو ئەو بیرتەسکییەی جارانی بەرامبەر بە ئافرەتان گۆڕانی بەسەردا هاتووە**

بێگومان لەگەڵ دەستپێکی هاتنە کایەی مرۆڤایەتیدا ئافرەت وەك بوونەوەرێکی تەواوکەر لەگەڵ پیاودا رۆڵی کاری لە پێکهێنانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەبووە و لە رێکخستنی خێزان و دروستکردنی پیاوی مەزنیش حاشا لە تواناکانی ناکرێ. ئەم بوونەوەرە میهرەبانە بە هەموو سەبر و ئارامی و بەخشندەیی خۆی توانیویەتی تەنانەت مێژوو بنەخشێنێت.

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ئۆفیسی ئەورووپا و چالاك لەبواری مافەکانی ئافرەت، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان دەمانگێڕێتەوە بۆ مێژووی کورد و ڕۆڵی ئافرەتی کورد بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنێت «ئەگەر لە مێژووی کورد و کوردستان وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئافرەت چ رۆڵێکی گەورە و گرنگی هەبووە و هەیەتی لەژیانی پیاو و کۆمەڵگەی کوردیدا، گوتیشی «ژیانی ڕۆڵەی کورد بە شێوەیەکی گشتی و بە ئافرەت و پیاوەوە بەستراوەتەوە بە ژیانی سیاسی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەزعەی کە کورد تێیدا ژیاوە‌و دەژی، هەر بۆیە ناتوانین ڕۆلیان لەیەکتر جیا بکەینەوە، بە بۆچوونی من هەر کۆمەڵگەیەك دان بە ڕۆڵی ئافرەتدا نەنێ و لە پۆستەکانی بڕیاردان و بەڕێوەبردن دووری بخاتەوە، ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و پیاوسالاری دەڕوات، ئەمەش گەورەترین هۆکارە بۆ مانەوەی کۆمەڵگە لە بازنەیەکی بچووك و قاڵبێکی تەسکدا، ئافرەتی کورد لەم سەردەمەش بە بێگومان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەیە، ناتوانین بڵێین رۆڵی ئافرەتی کورد پشتگوێ خراوە و کاریگەری نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو هەوڵ تەقەلا و کارێك لەسەر بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی ئافرەت ئەنجام دراوە، ئافرەتیش خۆی زیاتر لەهەوڵدانە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بوونی خۆی و گرنگی ڕۆڵی لە ژیانی پیاودا بکات، بەڵام پێویستە لەناو خیزان زیاتر رێز لە ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت بگیرێ، چونکە بناغەی خێزان و سەرچاوەی خۆشەویستی و گەرمکەرەوەی هێلانەی ژیان ئافرەتە، سەقامگیری خێزانیش بە بەرز ڕاگرتن و رێزلێنان لە ئافرەت مسۆگەر دەبێت، کەواتە ژیان بە بێ بوون و ڕۆڵی ئافرەت هیچ واتایاکی نابێ. لە کۆمەڵگەی کوردیش وەك هەموو کۆمەڵگەکانی دیکە هەندێك کەموکورتی بەرامبەر بە ئافرەت هەیە، بەتایبەت لەپێشێلکردنی مافەکانی و باوەڕنەکردن بە توانای ئافرەت و تەنانەت لەهەندێك بوار ئافرەت دوور دەخرێتەوە و هێڵی سووری بۆ دادەنرێ، لە هەندێك خێزانیش دەبینین پیاوەکە واهەست دەکات کە ئافرەت ڕۆڵی سەرەکی نییە لەخێزان، بەڵام کاتێك کە ئافرەتەکە لەماڵ نابێت، هەموو شپرزە دەبن و نازانن چۆن ماڵەکە بەڕێوە ببەن، بۆیە بێگومان ئافرەت و پیاو بۆ بەردەوامبوونی ژیان تەواوکەری یەکترن و دوارۆژیان بە یەکترەوە بەستراوەتەوە. تەنانەت لەدابینکردنی سەرچاوەی ئابووری خێزانیش ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتەکانمان بۆ باشترکردن و بەرەوپێشخستنی باری ئابووری خێزان چ لە دەرەوەی ماڵ و چ لەناوماڵ کار دەکەن، کەواتە پێویستە دایك و باوك، یان ئافرەت و پیاو بە بایەخ و گرنگییەکی زۆرەوە سەیری بەهاکانی یەکتری بکەن».

بەڵام عومەر فەرهادی پەیامنێری بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکا، پێیوایە ئافرەتی کورد بەگشتی بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە ئەو ڕۆڵەی پێنەدراوە، ئەگەر ڕۆڵیشی هەبێت، زۆر کەمە، لەبەر ئەوەی ئافرەت هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان مافەکانی پێشێل دەکرێت، بگرە هەتا لەبەشوودانی کە چارەنووسی ژیانیەتی، ئەو ئازادییەی نییە کە ئارەزووی خۆی دەرببڕێ»، گوتیشی «دەکرێ بڵێین لەنێو بەشێك لە کۆمەڵگە شارستانییەکان هەندێ ئافرەت تا



گوڵان: کۆمەڵایەتی

# ـــــه، پیاویش پەروەردە دەکات

**خۆشەویستیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و نەک هەر دایکی منداڵە، بەڵکو پیاویش پەروەردە دەکات»، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە دەڵێت :ئەوە ژنی ئازا و بەهێز و دڵسۆزە، پیاوی ئازا و بەهێز و دڵسۆز دەخولقێنێت و پیاو بە ڕۆحی ئافرەت دەوڵەمەندەو ناچار دەبێت، قەدری جوانی بگرێت». با بزانین بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان چۆن لە پێگە و کارەکتەری ئافرەت دەڕوانن؟**

رادەیەك لەمافەکانیان تێگەیشتوون و توانیویانە ڕێنیشاندەری پیاویش بن، خۆشبەختانە ئافرەتی کوردیش ڕۆڵی سەرەکی لە کۆمەڵگە هەبووە و تەنانەت پیاوی مەزنیشیان پەروەردە کردووە». فەرهادی جەختی لەوەش کردەوە کە نەك هەر لە کۆمەڵگەی کوردی بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگەکانی دواکەوتووی نێرسالاریدا مافەکانی ئافرەتان بە رەوا نابیندرێ، گوتیشی «دیارە هیچ کێشەیەك بێ ماندووبوون و تێکۆشانی بەردەوام چارەسەر ناکرێ و پێویستە بۆ ئاگادارکردنەوەی تاك و کومەڵگە بەرامبەر بە پێگەی ئافرەت هەوڵی بەردەوامان هەبێت، چونکە ئافرە ت دایکە، خوشکە، هاوسەرە و هاوبەشی ژیانی پیاوە، دەبێ زۆر پیرۆزتر لەوەی هەیە رەفتاری لەگەڵ بکرێ، گەشبینیشم بەوەی کە چەند بەرەو بەشارستانی بوونی کۆمەڵگە بچین، ئەوەندە لەو تێگەیشتنە نزیك دەبینەوە».

ڕاگەیاندنکار و چالاکی بواری ئافرەتان کەتان خادیمی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «زۆربەی بیرمەندان رایانوایە ژن یەکەم داینەمۆی پەروەردەیە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پیاو بەرپرس نییە، یان تەنها ژن تەنها کاری پەروەردەیە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە ژن تواناو کاریگەری زۆرە لەپڕۆسەی پەروەردەدا، مامۆستا هەژار موکریانیش لەچێشتی مجێوردا بەرامبەر بە سوپاسی بۆ هاوسەرەکەی دەڵێت: خۆزگە لەبری ئەوەی پەیکەر بۆ پیاوە گەورەکان دروست بکرایە، پەیکەریان بۆ فرمێسکەکانی ژن و خوشکەکانیان دروستدەکرد، چونکە ئەوان لەپشت سەرکەوتنەکانی پیاوانەوە وەستاون. بۆیە دەبێت کۆمەڵگە ڕێز لە گەورەیی ژن بگرێت، ژنیش خۆی ئەو گەورەییەی بپارێزێت، بەپێی سەردەم و رۆژگارەکان بەرپرسیاریەتەکەش دەگۆڕێت». جەختی لەوەش کردەوە کە ئافرەتان هەر سەردەمەو پێویستییان بەچەکێکە بۆ هاتنە مەیدان و ئێستاش لەسەردەمی تەکنەلۆژیاو مۆدێرنیتەدا لەهەموو کات زیاتر پێویستییان بەبەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی خۆیان هەیە، تاوەکو بتوانن بەرامبەر بە ئەرکی خۆیان سەرکەوتوو بن و مافەکانیشیان مسۆگەر بکەن».

ئەندازیار ئەمجەد قەرەداغی سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە «لەئێستادا کوردستان لە بواری پەیوەندی خێزانی و ڕوانینی بۆ ڕۆڵی ئافرەتان لەکۆمەڵگەدا چووەتە قۆناغێکی دیکەوەو ئەو بیر تەسکییەی جارانی بەرامبەر بە ئافرەتان گۆڕانی بەسەردا هاتووە». گوتیشی «ئافرەت توانیویەتی بیسەلمێنێت کە شانبەشانی پیاو دەتوانێ کەسێکی بەرهەمهێن بێت، لەوەش زیاتر هەر ئافرەتە کۆڵەگەی پەیوەندییەکانی نێو خێزانە بە تایبەتی هاوسەرەکەی وێڕای ئەرك و ماندووبوونەکانی خۆی، هەر لەو ساتە کەمەشدا سۆز و خۆشەویستییەکی زیاتر بە هاوسەر و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی دەبەخشێت. من بەشبەحاڵی خۆم لە ژیانی رۆژانەمدا ئەوە لەهاوسەرەکەم بەدی دەکەم، کە هەرچەندە وەکو من ماندووە بە راپەڕاندنی کارەکانی، بەڵام لەماڵەوە توانیویەتی ئەو بۆشاییەی کە لەئەنجامی پاڵەپەستۆی کار و هیلاکی مێشك بە زیادەوە پڕ بکاتەوە، ئەوەش هێزێکی خواییە کە پیاو ناتوانێت ئەنجامی بدات».

**هەژار موکریانی دەڵێت: خۆزگە لەبری ئەوەی پەیکەر بۆ پیاوە گەورەکان دروست بکرایە، پەیکەریان بۆ فرمێسکەکانی ژن و خوشکەکانیان دروستدەکرد، چونکە ئەوان لە پشت سەرکەوتنەکانی پیاوانەوە وەستاون**

